# مەرگی دوعا و تارماییەکان

**حەمە کاکەڕەش**

**سوید**



هەر کەسێک گرتەی کوشتن و بەردبارانکردنی دوعا ببینێت دەزانێت، بەدەر لەو کوردە دڕندانەی خواوەند، بەدەر لەو کوردە بێشەرەفانەی خواوەند، چیتر لە پشتی ئەو کوشتنەوەیە،چیتر لە پشتی ئەو بێحورمەتی و ئەتک و غەدرەوەیە. دوعا ئەی ئەو کەسەی بەمەرگت تەواوی ژیانت لە بەرچاوخستم، بڕوام نەبوو کوردی وا بێشەرف و دڕندەیش هەبن، ئاخر دوعا ئەی کەسە بێ کەسەکەم. دوعا ئەی پاکیزە غەدر لێکراوەکە، بەدەر لەو کوردە دڕندانەی خواوەند لە پشتی کوشتنی تۆوە تارمایی تر دەبینم، تارمایی خواوەندو قورعان و مەلەک تاوس و شێخ شەمس و داب و نەریتی ڕزیو دەبینم،لە پشتی کوشتنی تۆوە سەرکردەکان دەبینم، دەستەڵاتی کوردی دەبینم،پەرلەمان و زانکۆکان و چل و دوو وەزیر و گزیر دەبینم، تارمایی مامۆستاو مەلاو سەید و شێخ و پیرو مشایەخ دەبینم، تارمایی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان دەبینم، تارمایی ئەو ئازادییە هەڵبزرکاو و دیموکراسییەی کورد دەبینم، تارمایی پایە خوار و خێچەکانی کۆمەڵگای مەدەنی درۆ دەبینم؛ هەڵای ئازادی تاک و بە مێگەلکردنی کۆ دەبینم. دوعا ئەی پاکیزە غەدر لێکراوەکە، لە پشتی کوشتنی تۆوە هەزاران تارمایی تاریک دەبینم، دوعا کەسەکەم سەیرکە بۆ مەرگی تۆ هەموو لایەک هەراسانن؛ مەرگی تۆ هەمووانی هەژاند، دەڵێی لەم وڵاتەی ئێمەدا تۆ یەکەم کچیت دەبیتە قوربانی دین و مەزهەب و داب و نەریت، نا کەسەکەم وانییە بەردەوام کچ و ژنەکانی نیشتیمانەکەم مەسیح ئاسا لە خاچ دەدرێن، بەڵام کەس خوێن و قیژە و برینی ئەوانی نە دەبینی و نە دەبیست. دوعا دڵنیام مەرگی تۆیش نەبینرایە کەس هەراسان نەدەبوو، مەرگی تۆیش بەکپی تێدەپەڕی، دەنگدانەوەی مەرگی تۆ بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە تۆ یەکەم غەدرلێکراوبیت، نا کەسەکەم دەنگدانەوەی مەرگت بۆ ئەو بەردبارانکردن و بەربەرییەت و شەڵاڵی خوێنە دەگەڕێتەوە کە بە کۆمەکی کامیرای مۆبیلەوە رووحی هەموومانی راچڵکاند، ئەگینا کەی ئێمە هێند ژن دۆستین کەی ئێمە هێندە ئینسان دۆستین بۆ مەرگی تۆ وا هەراسان بین، ئەوە هەر نیشتیمانەکەی ئێمەیە ڕۆژانە لە پەنا و پاسارەکانیدا کچ و ژنی کورد دەکوژرێن و ئەتک دەکرێن کەچی ئێمە هەر سەرگەرمی هەڵپەی ژیانی خۆمانین خوێنساردانە بە تەنیشت قیژەی کوشتن و هاواری هەڵوەرینەکاندا گوزەر دەکەین. نا دوعای پاکیزە ئێمە درۆ دەکەین ئێمە پیاوانی نیشتیمانێکین لەززەت لە خوێن و کوشتن و قیژە و سەربرین و ئەتککردن دەبینین، هێندەی لەززەت لە کۆیلەکردن و کپکردنی ژن دەبینین، هێندە لەززەت لەڕووتبوونەوە نابینین،ئێمە پیاوی عیشق و سۆزو خەیاڵ و گوێگرتن نین، ئێمە پیاوی غەدر و ئەتککردن و کوشتنین. ئای دوعا ئێمە هەمیشە دوای کارەساتەکان دوای لەدەستدان و بە کۆستا کەوتن دێینە دەنگ هاوار دەکەین شین دەگێڕین بەڵام ئەو هەموو شین و شەپۆڕە ناتوانن گوڵێکی وەریوی گیانت بگەڕێننەوە بۆ چڵی ژیان .سەیرکە دوعا ئەو ئیسلامەی مێژووی پڕە لە کوشتن و ئەتککردنی ژن و کچ و پاکیزەکان، کەچی ئەمڕۆ بێشەرمانە دێت و بۆ مەرگی تۆ ئەگری و هاواردەکات باسی ماڤ و ئینسانییەت و ژیان دەکات. ئەوەیە کارەستی ئیسلامیی، دەسەڵات و کۆمەڵگای ئێمە دوعا. ئەوانە دروستکەری ئەو قەسبخانانەن و هەر خۆشیان دژی قەسبخانەکانی ژن و مرۆڤ. ئەوانە ئێستا ئەو رق لە ژن و کوشت و بڕە

**قووڵدەکەنەوە و پاشانیش بەسەر قوربانییەکانەوە دەگرییێن. لێرەوەن کارەساتەکان دوعا! ئەوانە قەسابخانە فرەوانتر دەکەن و پاشانیش بەسەر تەرمی تۆ و قوربانییەکانەوە دەگرییێن.ئای لە کوردە دڕندەکانی خواوەند، ئای لە کوردە بێشەرەفەکانی خواوەند.**

2007 5 15